# کێ مافی بڕیاردانی هەیە دەربارەی هاتنی لەشکری تورکیا؟

## هشام ئاکرەیی

وەک بلێی پەرلەمانی باشووری کوردستان و هەردوو حکومەتەکەی، پەیوەندیان بە پاشەڕۆژ و چارەنووس و بەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستانەوەیان نیە و تەنیا پارتەکانن ئەو هەرێمە بەڕێوەدەبەن و بڕیارە چارەنووس سازەکان بە دەستی ئەواندایە. ئەگینا لەم کاتە ناسکەدا کە مەترسی هەرەگەورە هەیە لە سەر ئەزموونی کوردستان، پێویستی بە بڕیارێکی سیاسی بوێرانە دەکات کە لە لایەن پەرلەمانی باشووری دەرکەوێت دەربارەی بارودووخی کوردستان و کورانکاریەچاوەڕوانکراوەکان و هاتن و نەهاتنی لەشکری تورکیا بوو ناو خاکی باشوور و شەڕی ئەمریکاو بریتانیا لە گەڵ ڕژێمی سەددام و هەڵوێستی کورد دەربارەی ئەو هەموو تەنگژانە چی دەبێت.
بێدەنکی پەرلەمان ڕێگا خۆشکەرە بوو دروست بوونی ناکۆکی و جودایی نێوان لایەن و ڕێکخراوە کوردستانیەکاندا، جگە لە وەرگرتنی هەڵوێستی جیاجیا، ئەو برت و بڵاویەش دەبێتە هۆی لاواز بوونی ڕۆڵی کورد لە دروستکردنی نەخشەی داهاتووی ناوچەکە و لە دەسدانی هەموو دەستکەوتەکانی هەنووکەیی شۆڕشی کوردستان. بۆیە دەبێ پەرلەمانی کوردستان بە پەلەو بێدواکەوتن بڕیاڕی خۆی بدات دەربارەی هاتنی لەشکری تورکیا و نەخشەو پلانەکانی ڕۆن و ئاشکرا بکات بوو وڵاتەکانی دراوسێ و کەلی کوردستان، و ئەو پشتگیری و چێگا بەرزە و متمانەیەی پەرلەمان هەیەتی لە لایەن جەماوەر و خەڵکی کوردستانەوە دەبێ بەکاربێنی بۆ یەکگرتنی ئەو گەلەو و لە ئاستی بەرپرسیاریدا بێت و هەر لەو ئاستەشدا ببزوێت.
لە زۆربەی پەرلەمانەکان و حکوماتەکانی وڵاتانی دونیا، ئەم کێشەیە ( شەڕی سەددام و ئەمریکا) کفتوگوو کراوە و هەڵوێستی خۆیان دەربارەی ئاشکەراکردوە و حکومەتەکان بەبەردەوامی دوا هەواڵ و سیاسەتی خۆیان بە پەلەمانەکانیان ڕادەگەیەنن. ئەم دیاردەیە و تەسەروفە تا وەکوو ئیستا لە باشووری کوردستان ڕۆنەداوە و ئەوەی بە دی دەکرێت تەنیا قسەو لێدوانی سەرکردەو بەپرسیارەکانە بۆ ئاجانسەکانی دەنگوباس. پەرلەمانەکەمان بێ دەنگ ماوەتەوە. تا کەی ؟ پرسیارێکە و وڵامی لای خودی پەرلەمان و پارتەکانە.
ئەوە دوو ڕۆژە کۆبوونەوەی چوار قۆڵی ئەمریکا و تورکیا و یێکێتی و پارتی و بەرەی تورکمانی دەستی پێکراوە. لە دوای ئەو دوو کۆبوونەوەیە هیچ ڕاگەیاندنێک و داخویانیەک بڵاو نەکراوەتەوە، دەربارەی ناوەڕۆکی ئەو چڤینانە، تەنیا بەڕێز مام جەلال نەبێت، کە لە چاوپێکەوتنێکیدا لە گەڵ ڕۆژنامەی الوتەنی
www.perso.wanadoo.fr/kurdes/watan32.htm

کویتی وتوویەتی کەوا هاتنی لەشکری تورکیا بوو باشووری کوردستان سنووردار دەبێت. هەلبەتە ئەوە دانپیانانێکی ئاشکرایە بەوەی عەسکەری و سەربازەکانی تورکیا دێنە کوردستان و هەروەها تالەبانی دەلێت کەوا پێشمەرگەکانی ئەوان و پارتی نارۆنە ناو شارەکانی کەرکوک و موسل. ئەم دووخاڵەی تالەبانی ئاماژەی بوویانی کرد، بەر لە ئیستاش بڵاو کرابوونەتەوە لە ڕۆژنامەی تورکیش دێلی نیوز دا. واتە هەواڵەکە تەواوە و تالەبانی و پارتەکەی لە سەر ئەو هەردوو خاڵە ڕازین.
هەڵوێستی ڕاگەیێنراوی پارتی بە زمانی بەرێز سامی عبدالرحمن لە گەڵ هاتنی لەشکری تورکیادا نین بۆ ناو خاکی باشوور و لە ڕاکەیاندنێکی تەلەفزیونیدا بە بوونەی کردنەوەی بارەگای مەڵبەندی سێی ینک وە لە شاری هەولێر، عبد الرحمن وتی کەوا ئەوان لەگەڵ ئەوەن تورکیا سنوورەکانی خۆی بپارێزیت و کوردیش سنوورەکانی خۆیان.
هەڵوێستی زۆربەی پارتەکانی تری کوردستانی تاوەکوو ئیستا بەڕاشکاوی ساخنەبووتەوە.
گەلی کورد و ڕۆشەنبیران و سیاسەتمەدارانی کورد چ هەڵوێستێکیان هەیە؟ پێوستە ئاشکرا بکرێت.
با یەکجار وەک نەتەوەیەکی شارستانی بڕیار بدەین و هەموومان یەک هەڵوێست وەرگرین.

www.kurdistannet.org

کاتێ بڕیاری 1441 ی نەتەوە بەکگرتوەکان دەربارەی چەکە کۆکوژەکانی عیراق دەرکەوت، لە سەرەتادا ئەنجوومەنی نیشتیمانی عیراق بڕیاری دا دەبارەی بڕیارەکە. بەڵام چونکە سەددام ئیعتراف بە هیچ ناکات دژی بڕیاری ئەنجوومەنەکەی بریاری دا.

جورج بۆش بەر ئەوەی بەردەوام بێت لە سەر سیاسەتی لابردنی سەددام لە سەر دەسەڵات ڕازیبوون و ڕەزامەندی هەردوو ئەنجووومەنی سنات و کونگرسی ئەمریکی وەرگرت.

تورکیا بۆ وەرگرتنی بڕیاری هاتنی لەشکری ئەمریکا بۆ سەر خاکی، ڕەزامەندی پەرلەمانەکەی وەیرگرت.

ئەگەر ئەزموونەکەشمان مارەسەی دیموکراتی هەبێت، دەبێت بگەرێنەوە بۆ پەرلەمان و تەنیا ئەگەر پەرلەمان ڕازی بوو لە سەر هاتنی لەشکری تورکیا، ئەو کاتە ڕیگای پێ بدەن. نەک بڕیاری هاتنی لەشکری تورکیا و نەچوونە ناو شارەکانی کەرکوک و موسل لە دەستی مام جەلال و ئەمریکاو تورکیا دا بێت. دەبێ پەرلەمانی کوردستان ئەو بڕیارە بدات نەک کەس و لایەن.

### تێبینی کوردستان نێت:

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت............ 2003-1-15

www.kurdistannet.org کوردستان نێت